# گەل رۆژی GEL ROJI

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاری کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٣٤)   ٢٠٠٥/١٠/٣٠


## کوردە پەرلەمانتارەکانی عێراق دەگۆردرێن

بە گوێرەی هەواڵەکان، لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە (٧٥) ئەندامی لە کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراقدا هەیە ، بە نیازە ژمارەیەك لە ئەندامەکانی خۆی بگۆرێت . گۆرینی ئەو پەرلەمانتارانە دەگەرێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و سستی نواندن لە ئەرکەکانی خۆیان و شارەزایی نەبوونی زۆربەیان لە زمانی عەرەبی و بەشدارینەکردنیان لەبابەت و گفتوگۆکانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی عێراق دا

# یەکێ لەنەخشەدارێژەرانی کردەوە تیرۆرستییەکەی سلێمانی کوژرا

سەرکەوت حەسەن بەرێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاندووە کە "هێزێکی هاوبەش لە هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە هێرشیان کردووەتە سەر ماڵێکێك لە پلاندارێژەرانی ئەو سێ کردەوە خۆکوژییە تیرۆریستیانەی رۆژی سێ شەممە لە شاری سلێمانی ئەنجام دران، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گومانلێکراوەکە بکوژرێت و کەسێکی سەر بە ئاسایشیش شەهید و یەکێکی دیکەش بریندار ببێت .

بەرێوەبەری ئاسایشی سلێمانی لە درێژەدا روونیکردۆتەوە کە هەوڵەکەی هێزەکانی ئاسایش لە کاتژمێر ٢,٢٠ دەقیقە بۆ دەستگیرکردنی گومانلێکراوێك لە گەرەکی هۆمەرە کوێر ئەنجامدراوە و لە ئاکامدا تیرۆریستەکە بە هۆی تەقاندنەوەی تی ئێن تی دەرگاو بەشێك لە دیواری خانووەکەی رووخاندووە ، بۆ بەرگریکردن لە خۆیشی نارنجۆکی دەستی بەکار هێناوە، شەرەکە قازیفە و چەکی سوکی تێدابەکارهاتووە، لە ئەنجام دا ئەفسەرێکی سەر بەهێزەکانی پێشمەرگە بەناوی خەلیل عەبدوڵا شەهید بوو و ئاسایشێکیش بریندار بوو، هەرچی تیرۆریستەکەیە بە برینداری دەستگیر کراوە و لە رێگای گەیاندنی بۆ خەستەخانە مردووە .

ئەم تاوانبارە ببووە هۆی کوشتن و برینداركردنی زیاتر لە ٣٠ کەس لە کردەوە تیرۆریستیەکانی رۆژی سێشەممەی رابردوو .

## ماستەرنامەیەك پەیوەندی فیدراسیۆنی دۆستایەتی تورك، ئەڵمان ئاڵۆز دەکات

بەهۆی ئەو تێزەی ماجستەر کە فاتمە ئینجەسووی سکرتێری سەرۆکی فێدراسیۆنی کۆمەڵەی دۆستایەتی تورک- ئەڵمانیا، پێشکەشی کردووە ، شەر و ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان فیدراسیۆن و حکومەتی تورکیادا هاتۆتە ئاراوە .

فاتمە ئینجە سوو سکرتێری سەرۆکی ئەو فیدراسیۆنە کە سلەیمان دەمیرێل، سەرکۆماری پێشووی تورکیا و زۆر کەسایەتی بە ناو بانگی تریشی تێدا ئەندامن، تێزێکی ماجستەری سەرنجراکیشی سەبارەت بە بەشداری ژنان لە شەری رزگاری کورد پێشکەشکرد. تێزەکە باس لەوە دەکات کە چۆن سەربازە تورکەکان دەسدرێژی دەکەنە سەر تەرمی ژنانی کوردی کوژراو .

ئینجەسوو دەڵێ: من کوردم، هەر بۆیە ئەو بابەتەم وەک تێزی ماجستێری خۆم هەلبژاردووە و کارم لە سەر کردووە و باشترین ئیمتیازیشم لێ وەرگرتووە و و ئەو تێزەش بە پارەی فێدراسیۆنی دۆستایەتی تورک- ئاڵمان نووسراوە . ئەوەی شیاوی باسە رۆلف رایدمەن سەرۆکی ئەو فێدراسیۆنە پشتیوانی لە ئینجەسوو کردووە و تورکەکانیش خوازیاری دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئەو فێدراسیۆنە دەکەن . بەکار هێنانی دەستەواژەکانی وەکوو وڵاتی کوردستان، کۆلۆنیالیزمی تورک، شەری رزگاری نەتەوەیی کوردان و ئەرتەشی سدرێژیکەری تورک بۆتە هۆی کاردانەوەی سیاسەتمەدارانی تورک.

## کۆماری ئیسلامی ئێران دوو گەریلا رادەستی تورکیا دەکاتەوە

بەگوێرەی هەواڵەکان، کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ رژێمی تورکیای کردووە سەبارەت بە رادەستکردنەوەی نەیارانی رژێمەکانیان، لە هەفتەی رابردوودا (٢) گەریلای کۆنگرەی گەلی کوردستان (PKK)ی جارانی رادەستی رژێمی تورکیا کردۆتەوە. بەگوێرەی هەواڵ بەر لەرادەستکردنەوەی ئەو دوو گەریلایە ، کۆنسوڵگەری تورکیا پێوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا گرتووە و ئەوانیش لە رێگەی باڵیۆزخانەی ئێران لە ئەنقەرەوە پێوەندیان بە وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە و هەردوولا هاوکاری ئاسایشی نێوانیان سەرراست کردۆتەوە و داوایان لە دەزگای ئیتلاعاتی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا کردۆتەوە تا هاوکاری پێویست بکات. دواتر لە سەر رەزامەندی ئوستانداری ئەو پارێزگایە ئەو ٢ گەریلایە رادەست کراونەتەوە

## سوونەکان دەیانەوێ لەرێگەی پەرلەمانەوە دەستوور بگۆرن



هێزە عەرەبە سووننەکانی عێراق ، لەکاتی دەنگدان بەپێشنووسی دەستوور بەسەر دووسەنگەری جیاواز دابەشببوون . سەنگەری یەکەم دژی دەستوور راوەستاو دەنگی پێنەدا ، سەنگەری دووەم بە مەرج پشتیوانی لێکردوو (بەڵێ) ی پێگوت . بەلأم ئێستا هەموو هێزە عەرەبیە سووننەکان لە دیدارو کۆبەنەوە و هەوڵی بەردەوامدان تا بە چری و بەیەکگرتووی بەشداری لەهەڵبژاردنەوەی کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراق دا بکەن . ئەوان بۆ ئەوە کاردەکەن تا دەنگی زۆر بهێنن و رێژەیەکی بەرچاو لە کورسیەکان مسۆگەر بکەن ، ئەوان لەوباوڕەدان ئەگەر ژمارەیەکی زۆر کورسیان بەدەست هێنا ، لەمیانەی پەرلەمانی عێراقەوە دەتوانن بەمەرامی خۆیان بگەن و گۆڕانکاری لە دەستووردا بکەن . سووننەکان هەموویان لەگەڵ گۆرینی چەند برگەیەکی دەستووری پەسەند کراودان . لەم بارەیەوە عەدنان ئەلدلیمی سەرۆکی گشتی کۆنگرەی ئەهلی عێراق بە رۆژنامەی (عکاڤ ) ی سعودی راگەیاندووە کە ئەوان لەخۆئامادەکردن دان تا لەپەرلەمانی داهاتوودا کاریگەریان هەبێ و بتوانن خواستەکانی خۆیان بەدی بهێنن و برگەکانی دەستوور بگۆرن.

## حازم شەعلان بۆ شوێنێکی نادیار دەگوازرێتەوە



سەرچاوەیەك لەپۆلیسی بەریتانییەوە(ئسکۆتلەندیارد) کەتایبەتە بەقەلاچۆکردنی تیرۆر، رایگەیاند کەرۆژی هەینی(١٠/٢٨) دوو تیرۆرست هەلّیانکوتاوەتە سەرماڵی (ئەسکەندەرانی)پارێزەرەکەی (حازم شەعلان)ی وەزیری پێشووی بەرگری عێراق، کەئێستا ماڵی لەباکوری رۆژهەلاتی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیایە.

لەمبارەیەوە سەرچاوەکەی پۆلیس وتی پێدەچێت ئەو تیرۆرستانە بەپیلانی وڵاتانی دراوسێی عێراق هاتبێتنە لەندەن بۆ کوشتنی (شەعلان) چونکە شەعلان دوژمنێکی سەرسەختی دەست تێوەردانی وڵاتانی دراوسێیە لەناوخۆی عێراق بەتایبەت (کۆماری ئیسلامی ئێران و سوریا)ئەمەو یەك لەپاسەوانەکانی ئەوتەلارەی ئەسکەندەرانی تێدا دەژی هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوەو راشیگەیاند کەهەوڵی تیرۆرکردنەکە سەرینەگرتووەو (ئەسکەندەرانی) سەلامەتە .

## رۆژەڤ

هەنگاو هەلّێنانەوە بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەی ژیاری و مەدەنی ،پێویستی بەزەمینە و رێباز و سیاسەتێکی هاوچەرخانە هەیە . دەبێ لە دەستپێکدا ئەو رێکخراوانە دابمەزرێن کە مەیلی سڤیل بوون و ژیاری و پێشکەو تنخوازانەیان هەیە . ئەگەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەکردەوە سەریان هەلّدا ، دامەزران و دەست بە کا ربوون ، ئەوکاتە دەتوانین باس لە هەنگاو هەلّێنانەوە بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت . لە هەر نیشتیمان و ولأتێکدا ئەگەر دەستەلأت باوەڕی بە سیڤل بوون و کۆمەڵگەی ژیا ریەوە نەبێت، باسکردن لەبنیاتنانی ئەو کۆمەڵگەیە لە خەون و تراویلکە دەچێ ، ئەگەر دەستەلأت و فەرمانڕەوایانیش لە ناخی خۆیانەوە باوەڕیان بە ئا فراندنی کۆمەڵگەی سڤیل و ژیاری هەبوو، هەنگاوەکان بەخێرایی هەلّدەگیرێنەوە و پێداویستیەکانی دامەزراوەکان فەراهم دەکرێن .بەلأم تا حزب و دەستەلأت بیر لە زۆرکردنی بارەگاکانی خۆیان بکەنەوە ، بارەگا و بنکەکانی خۆیان بۆ گەڕەك و شوێنە گشتیەکان بگوازنەوە ، نەك هەر کۆمەڵگەی مەدەنی بنیات نانرێ ، بەلّکو مەیل و هەنگاوەکانیش زیندە بەچالّ دەکرێن . مخابن دوای ١٤ سالّ و نیو لە فەرمانڕەوایی خۆماڵی و سەرپشککردنی حزب و سەرکردەکانی ، تازە بەتازە کێبەرکێ لەسەر زۆرکردن و کردنەوەی بارەگاکان لە نێو گەڕەکە میللی و گوند و شارە دێکانیش دەکرێ . دەیان بالأخانە بەناوی بارەگای حزب لەنێو گەڕەکەکاندا دروست دەکرێن،رەنگ دەکرێن و دەڕازێند رێنەوە . زۆرکردنی بارەگا لە نێو گەرەك و شارەکاندا دیاردەیەکی ناراستە ، کۆمەلگە بەرەو مشەخۆری و میلیتاریست تاودەدات . پێچەوانەی یاساو رێساکانی کۆمەڵگەی سڤیل و ژیا ری بوونە . ئەگەر بەراورد لە نێوان حزبەکانی کوردستان و ولأتانی دیکەدا بکەین ، دەبینین زۆربەی حزبە دەستەلأتدارەکانی ولأتان ، لەو شارە گەورانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان بە قە د ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان دەبێ ، جگە لە بارەگایەك زیاتریان نیە . بەلأم چ ڕازێکی شاراوە لە پشت زۆرکردنی بارەگای حزبەکانی کوردستان لە نێو گەڕەك و دێهات و شارە دێکاندا هەیە ؟!. حزبی واهەیە لە تاکە شارێکدا زیاتر لە ٥٠ بارەگای هەیە ، ئایا بەم ژیری و لێکدانەوەیە بواری هەنگاو هەلّێنانەوە بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی ماوەتەوە ؟!. ئایا لە نێو هاوکێشەی پێشبڕکێی زۆرکردنی بارەگای حزبیدا ، چەمکێك بۆ دارِشتن و خوێندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدۆزرێتەوە ؟!. ئایا دیموکراسی ئەوەیە کە حزبە زلهێزو داراکان بە ئارەزووی خۆیانەوە زنجیرە بارەگاکانیان لە نێو شارەکاندا بکەنەوە ؟!. راشکاوانە دەلّێین : زۆرکردنی بارەگا لەنێو گەڕەك و شارەدێکاندا تەواو پێچەوانەی بانگەشەکانە و رێگرێکی ئاشکراشە لەبەردەم هەنگاو هەلّێناوە بەرەو بنیاتنانی کۆمەلّگەیەکی هاوچەرخ و ژیاریی، قوت دەکرێتەوە .


لەم ژمارەیەدا

ل٣ سەرەتا گەشەکانی بەنێو دەوڵەتیبوونی دۆزی کوردستان

ل٤ کۆمەلگایەك لە پۆلیس

ل٥ ئەو کچانەی سکیان پڕ دەکرێت

ل٦ تەمەن دیواری خۆشەویستی نییە

ل٧ چەمکە نوێکانی زانستی سیاسەت